سەید حەکیم: پەیوەندی بە گەلی کوردستان و باسکردنی تێکۆشانی هاوبەش یەکڕیزی نیشتمانی تۆکمە دەکات.

لەمیوانخانەی شێخ ڕەسوول چەمانی لە پارێزگای هەولێر، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشمانییەکانی دەوڵەت چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزی چەمانی کەوت، لەوم دیدارە سماحەتی سوپاسی باشی پێشوازیکردنی لەکردن و ڕوونیشیکردەوە کە ئامانج لەو سەردانە بەردەوامی پەیوەندییە لەگەڵ کوردستان و وەبیرهێناوەی مێژووی تێکۆشانی درێژە بەرامبەر ڕژیمی دیکتاتۆری و بنیاتنانی ئەزموونی تازەی عێراق.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە یەکڕیزیی عێراق گرنگە بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی وەک کابەری ئەمنی و کابەری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە و لەگەڵ ئەو کابەری کۆمەڵایەتی، سەماحەتی ئابووریی بە گرنگترین رکابەری زانی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، داوای وەبەرهێنانی دروستی کرد و متمانەی خۆی دەربڕی کە عێراق ئەم تەحەدایە ئابوورییە تێدەپەڕێنێت. بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکە بووە، بەڵام عێراق لەم قەیرانە دەردەچێت، جەختیشی لەوە کردەوە کە سەردان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا متمانە لە نێوان خەڵکی هەمان وڵات بەهێزتر. هەروەها بەڕێزیان جەختی لە پێویستی کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی کرێچی و تاك داهات کردەوە و داوای چالاککردنی ئەو پێنج کەرتەی کرد کە کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە نوێنەرایەتیان دەکەن، هەروەها تەرخانکردنی داهاتی نەوت بۆ ژێرخانی ئابووری و بۆ سوودی نەوەکانی داهاتوو